## کیبۆردێکی جۆک



کیبۆرد بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێت، بەتایبەت ئەگەر نیازی نووسینت هەبێت گرنگی خۆی هەیە، کیبۆردی مۆبایل زۆر بچووکە و بۆ ئەوە بابەتی پێ بنووسرێت، کیبۆردی جۆری UKB-500-RF کە کیبۆردێکی وایەرلەیس و بەهێزە و ماوسێکی لەمسی لەگەڵدایە لە راستیدا کیبۆردێکی جۆکەرە و بۆ گشت ئامێرەکان دەگونجێت و ئەوەندە بچووکە کە هەڵگرتنی ئاسانە و بۆ هەر شوێنێك دەتوانی لەگەڵ خۆتی بەری. نەتەنیا بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر بەڵکو بۆ تەلەڤزیۆن و ئێکس بۆکسیش و زۆر ئامێری دیکەش دەگونجێت.

کیبۆردە هەمە کارەکە خاوەنی ٩٢ دوگمەیە، کە چەندین دوگمەیان تایبەتن بە کۆنترۆڵی یاری ئەلکترۆنی و هەروەها پرۆگرامەکانی دەنگ و رەنگی تێدایە. پەد ماوسێکیشی هەیە کە شوێنی ماوس دەگرێتەوە.

## سەرنجێک لەسەر بچووکترین مۆبایلی 4G




مۆبایلی جۆری (unihertz atom) هەتا ئەم سەردەمە بچووکترین مۆبایلی جیهانە کە لە ئینتەرنێتی نەوەی چوارەم واتە (G4) سوود وەردەگرێ، مۆبایلەکە شاشەیەکی بچووکی ٢,٤ ئینجی هەیە. مۆبایلی ناوبراو هەر شتێك نییە بۆ جوانی و دیکۆر بێت، بەڵکو هەموو ئەرکەکانی مۆبایلێکی گەورە ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر بچووکە بەڵام بەجۆرێك دروستکراوە کە ئەگەر لە شوێنی زۆر بەرزیش را بکەوێتە خوار کێشەی بۆ نایەتە پێش.

لە سەردەمێکدا کە رۆژ بە رۆژ مۆبایلی شاشە مەزن بەرهەم دێن، رەنگە (ئەتۆم) وەك سوپرایزێك وا بێت بۆ ئەوانەی کە حەز لە بە مۆبایلی بچووك دەکەن. مۆبایلی ناوبراو وەك ئاماژە پێکرا تایبەتمەندییەکانیشی بەهێزن، پرۆسیسەرەکەی هەشت ناوکەییە، رامەکەی ٤ گیگابایت و میمۆری ناوەوەی ٦٤ گیگابایتە کە ئەم تایبەتمەندییانە تەنیا لە مۆبایلە پێشکەوتووەکاندا هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت میمۆری دیکەشی بۆ دابنرێت.

سیستەمی پەنجەمۆر و ناسینەوەی روخساریشی هەیە، بەهۆی بچووکی و باتریە بەهێزەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ شەحنەکەی دانابەزێت، نوێترین سیستەمی ئەندرۆید واتە ئەندرۆید ٨,١ی لەسەرە. کامێرای پشتەوەی ١٦ میگاپیکسلە و هی پێشەوەی ٨ میگا پیکسلە.

## بچووکترین کام

کاتێك لە جیهانی دیجیتالیدا باسی بچووك یان تەنك یان بەهێزی ئامێرێکی دەکەی، هەتا ئەوکاتە لەسەر ئەم پێوانانە دەمێننەوە کە کۆمپانیایەکی دیکە لەو بچووکتر یان تەنکتر یان. تاد. بەرهەم نەهێناوە.

لەم کاتەدا کامێرای جۆری Noise play2 بچووکترین کامێرای دیجیتالیە، کامێرایەك کە دەکرێت وەك مەدالیا هەڵی بگری، کامێرای ناوبراو وێنەکان بە قەبارەی ١٦ میگاپیسکل دەگرێت، هەروەها فیلمیش بە کوالیتی k4 و بە مەودای ٣٠ فریم لە چرکەیەکدا. کامێراکە لە پلاستیکێکی پتەو دروستکراوە کە ئەگەر لە چیاش را بکەوێتە خوار

## کاتژمێری ناوبژێر

مۆندیالی ٢٠١٨ لە بواری تەکنەلۆژییەوە لە گشت مۆندیالەکانی پێش خۆی جیاواز بوو، تەکنەلۆژیا رۆڵێکی گرنگ بینی و یارمەتییەکی باشیدا لەوەی کە یارییەکان بێ گرفت و بێ کێشە و بە خێرایی بەرێوە بچن. وەك ناوبژیوانی ڤیدیۆیی، تۆپی سمارت و ئاگادار بوون لە هێڵی گۆڵ، کاتژمێری دەستی ناوبژیوانان.. تاد.

کۆمپانیای (hublot) کە یەکێک لەناسراوترین بەرهەمهێنانی کاتژمێر لە جیهان و لە سویسرایە، کاتژمێری

## ـــــەری وایەرلەیس

بەشێك لەتایبەتمەندییەكانی كیبۆردی ناوبراو ئەمانەن:
- پێكهاتووە لە ٩٢ دوگمە كە ٧٤ یان دوگمەی ستانداردن و ١٨ دوگمەشیان تایبەتن بە ئەرك و فەرمانی دیكە.
- وزەیەكی زۆر كەمی دەبێت بۆ كار پێكردن.
- جۆكەرە و لەگەڵ گشت ئامێرێك دەگونجێت.
- سێ رەنگی تایبەتی هەیە و بچووكەو هەڵگرتنی ئاسانە و ١٥ مەتر دوور لە ئامێرەكان كار دەكات.




## دەفتەریاداشتی دیجیتالی

دەفتەرچەی یادداشت واتە (نۆت بووك) هەمیشە بۆ هەڵگرتنەوەی یادداشتی رۆژانە گرنگی خۆی هەبووە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی هەمیشە هەرچی لە رۆژدا دەیبینن یاداشتی لێ هەڵدەگرنەوە، بە بەرەو دیجیتالی بوونی كۆمەڵگا، دەفتەرچی یادداشتیش وەك زۆر ئامێری دیكە بەرەو دیجیتالی رۆیشت، ئێستا كاتی ئەوە نەماوە، دەفتەرچەیەكی بچووك لە گیرفانت دەربێنی و یادداشت بنووسی، هەرچەندە مۆبایلەكانیش ئەم ئەركە ئەنجام دەدەن. دەفتەرچەی دیجیتالی شتێكی نوێیە، ستایل و شێواز و توانا و قەبارەیان جۆراوجۆرە، نۆتی بوكی جۆری G-note 7100 یەكێكە لەم نۆتی بوكانە. كاتێك كۆبوونەوەیەكدان، یان سەردانی شوێنێك دەكەی دەتوانی ئەم دەفتەرچە دیجیتالیە بەكار بێنی. دەتوانی شتی لەسەر بنووسی، نیگاری لەسەر بكێشیەوە. كاتێك لەگەڵ كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت دەتوانیت هەر بە دەست خەتی خۆت شت بنووسی و هاوبەشی بكەی و بە ئیمێل بەرێی بكەی. كاغەزێكی ئاسایی لەسەر دابنێ و پاشان ئەوەی نیازتە بینووسە یان بیكێشەوە، دەستبەجێ نووسینەكانت لە میمۆری دەفتەرچەكەدا خەزن دەبن. میمۆریی ناوخۆیی ٣٢ مگابایتە و زیاتر لە سەد لاپەرە لەخۆیدا خەزن دەكات. دەكرێت قەڵەمی رەش و سپی یان رەنگی بەكار بێنی.

گرنگییەكی دیكەی دەفتەرچە دیجیتالییەكە ئەوەیە كاتێك لەگەڵ كۆمپیوتەر پەیوەندی دەدەی، دەكرێت لە پەدەكە وەك تەبلێت سوود وەرگری و قەڵەمەكەش وەك ماوسی بەكار بێنی.

## ـــــیرای دیجیتالی 4k



هیچی لێنایەت، بۆ گەشت و شاخەوانی و پایسكل سواری زۆر باش گونجاوە. كامیرای Play2 لە میمۆری كارت هەتا ١٢٨ گیگابایت پشتیوانی دەكات. شاشەی پشتەوەی تەنیا ٢ ئینجە و تەنیا دووگمەشی هەیە بەڵام لەمسییە. بەهۆی وای-فایەوە لەگەڵ ئامێرەكانی دیكە پەیوەند دەدرێت، سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە.




## ـــــوانان لە مۆندیالدا

سمارتی دەستی ناوبژیوانانی بەرهەم هێنابوو، كاتژمێرە هۆشمەندەكە بە Big Bang Referee Smartwatch ناسراوە، تایبەتمەندییەكانی جێگای سەرنجن. كۆمپانیای ناوبراو نە تەنیا كاتژمێرەكە بەڵكو بیلیبۆرد واتە تابلۆ سمارتەكانی دەستی ناوبژیوانی چوارەمیش كەتایبەتە بە گۆڕینی یاریكەرەكان بەرهەم هێناوە. كاتژمێرە سمارتەكە سیستەمی wear Os گوگلی لەسەرە. پرۆسیسەری ئەتۆمی ئەنتەلی تێدا بەكارهاتووە. شاشەكەیتیرەكەی ٤,٣٥ ملمە. سیستەمی بلوتوسی ٤ی لەسەرە، پاترییەكی بەهێزی لەسەرە و رۆژێك پێویستی بە شەحن نییە، زۆریش پتەوە و بە كەوتنە خوارەوە تێكناچێ و ئاویشی ناچێتە ناوی. كاتژمێرە سمارتەكە بە پەرینەوە تۆپ لە هێڵی گۆڵ ئاگاداری ناوبژیوان دەكاتەوە، هەروەها رۆیشتن و خێرایی هەر گرووپێك دەزانێت، لەسەر شاشەكە دەكرێت لۆگۆ و ئاڵای ئەو وڵاتانەی كە یارییەكە دەكەن نیشان بدرێت و لەكاتی یاریدا ژمارەی گۆڵەكان لەسەر شاشەكە نیشان دەدات.



# مینی پرێنتەر بۆ مۆبایل

ئەو وێنەی کە دەیبینن ئەمە کامێرایەکی دیجیتالی بچووك نییە، بەڵکو پرێنتەرێکی بچووکە هەرچی لەسەر مۆبایل یان کۆمپیوتەرەکە هەبێت ئەو بە رەش و سپی پرێنتی دەکات.

کارکردی پرێنتەرەکە گیرفانییەکە ئەوەیە کە کاغەزە بەشێوەی رۆڵەیە و دەخرێتە ناوی، بەپێی چۆنییەتی نووسینەکە کاغەزەکە دێتەدەر، جار هەیە نووسینێك گەر درێژییەکەی یەك مەتر بێت، بەم شێوەیە لەسەر کاغەزەکە چاپ دەبێت. ئەم پرینتەرە لە رێگای (بلوتوس ٤)ەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت.

پرینتەرەکە بە جۆری PAPERANG P1 ناسراوە و دەتوانێت، یادداشتەکان، کورتەپەیامەکان، وێنەکان.. تاد لەسەر کاغەزەکە چاپ بکات. لەگەڵ زۆربەی مۆبایلەکانیش دەگونجێت. هەتا ٢٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.

# ماوسی پەنجەمۆریش بەرهەم هات

لە سەردەمی دیجیتالی بوون دا ئامێرە ئەلکترۆنییەکان هەموویان تایبەت و تاکەکەسین، ناکرێت ئامێرێك چەندین کەس سوودی لێوەربگرێ، هەروەك مۆبایل و کۆمپیوتەر و تەبلێت..تاد. بۆ ئەوەی کە لە سنووری تاکەکەسی نەرۆنە دەر و ئەمنییەتیان هەبێت، چەندین رێگا گیراونەتە بەر، وەك دانانی پاسۆرد و ناسینی روخسار و پەنجەمۆر.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای Dell ماوسێکی بەناوی NS819 بەرهەم هێنا کە سیستەمی پەنجەمۆری تێدایە دەکرێ بڵێین ئەوە یەکەمین ماوسە لە جیهاندا کە لەو سیستەمە سوود وەردەگرێت، هەرچەندە ماوس چەند کەسێکیش بەکاری بهێنێت رەنگە کێشە نەبێت، بەڵام کۆمپانیای dell وای پێ باشە ئەو هەنگاوە بۆ ماوسیش بگرێتەبەر.

ماوسی ناوبراو لە بواری دیزاینەوە شێوەیەکی کەوانەیی هەیە و زیاتر وەك ماوسی سێرڤێسی مایکرۆسۆفت دەچێت. ماوسەکە خێرایی زۆر لەسەرێیە، واتە DPI 1000 خاوەنی سێ دوگمەی تایبەتییە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت مۆبایلەکەم زوو شەحنی دادەبەزێت، هۆکارەکانی چییە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر هۆکار دەبنە هۆی دابەزاندنی شەحنی باتری مۆبایل، یەکەم نابێت هیچ کات باتری مۆبایلەکەت بەتەواوی خاڵی بێتەوە، چونکە ئەمە زیان بە مۆبایلەکەت دەگەیەنێ بۆ شەحن بوونەوە، دەبێ ئەگەر بۆ بە ٢٠٪ لە شەحنی بدەیەوە. مانگانە جارێك بەتەواوی شەحنی دابەزێنە.

شاشەی مۆبایلەکەت نابێ پڕ نوور بێت، چونکە بەمە شەحنی دادەبەزێت، بەردەوام هەڵبوونی وای-فای، یان بلوتوس یان جی پی ئێس دەبنە هۆی ئەوەی کە شەحنی مۆبایلەکەت دابەزێت. ئەو پرۆگرامانەی کردوونەتەوە بەڵام داتنەخستوون ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی دیکەی زوو دابەزینی شەحنی باتری.. لە شەحنی خودی مۆبایلەکە سوود وەربگرە، مۆبایل لە شوێنی گەرم دەبێتە هۆی ئەوەی باتری تێك بچێ و بە باشی شەحن نەبێتەوە..

# کانگۆرۆ خاوەنەک

جیهانی رۆبۆتەکان هەتا دێ گشتیگرتر دەبێت، لەم ماوەیەدا رۆبۆتێك بەناوی کانگۆرۆ (canguRo) لە ژاپۆن بەرهەم هاتووە. خاوەنی سێ تایەیە، خۆی وەك سکۆتەرێك وایە بەڵام سکتۆرێکی هۆشمەند، بەرهەمی دوو کۆمپانیای ناسراوی ژاپۆنی



# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئاپی مۆبایل




حەزدەکەی بۆخۆت پرۆگرامێکی ئەندرۆیدی بۆ مۆبایل دروست بکەی؟ نیازت هەیە پرۆگرامێکی کوردی دروست بکەی کە ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەرانی بکات لە مۆبایلدا؟ رەنگە بڵێی نەتوانم و شارەزایی ئەو بوارە نیم و دانانی کۆدی پرۆگرام نووسی بۆ من دژوارە! بەڵام پرۆگرامێکتان پێدەناسێنم هەم بەکارهێنانی ئاسانە و پێویستی شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە و هەم باشترین ئەپلکەیشنی مۆبایلیشی پێ دروست دەکرێت. ئەویش پرۆگرامی App Bulider.ە

پرۆگرامی ناوبراو بۆ ئەوانەی شارەزاییان هەیە و یان هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە بەبێ ئەوەی هیچ شارەزایەکی پرۆگرامنووسین بین تەنیا بە دانانی شتەکان و هێماکان دەتوانی باشترین پرۆگرام دروست بکەی.

پوختەی تایبەتمەندییەکانی:

- دروستکردنی پرۆگرامە جۆراوجۆرەکان بە ئاسانترین شێوە
- گونجاو بۆ کەسانی ناشارەزا و ئەوانەی کارامەن
- سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی HTML5



## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی مۆسیقا بێ گۆرانی

زۆر جاران حەز دەکەی گوێ لە مۆسیقایەك بگری کە هەست و دڵت بڕفێنێ، مۆسیقایەك کە هیچ دەنگی تێدا نەبێ و بێ گۆرانی بێت، گەڕان لە ئینتەرنێتدا بۆ مۆسیقی بێ گۆرانی زۆر دژوارە، تەنانەت لە سایتی یوتیوبیشدا، بەڵام هەندێك سایت و ماڵپەڕ هەن هەر راست بۆ ئەم مەبەستە دانراون و مۆسیقای بێ گۆرانیان تێدایە..

یەکێك لەم سایتانە سایتی free-musicarchive، لەم سایتەدا ئەرشیڤێکی گەورە لە مۆسیقی بێ گۆرانی هەیە. ئێوە دەتوانن بەخۆرایی فایلە مۆسیقییەکان دابەزێنن. سایتەکە جگە لەوە پڕە لە فایلی دەنگی و رەنگی و ئێستگەی رادیۆیی. هەرکاتێك سایتەکەت کردەوە سێرچی ئەو فایلە بکە کە بەدوایدا دەگەڕێی.

## ـــــــەی خۆی دەناسێتەوە!

(سونجی یاماناکا و تاکایوکی فوروتا)یە. خاوەنەکەی بۆ هەر شوێنێك بچێ، شوێن پێی هەڵدەگرێ و بەدوای دادەچێت، کەلوپەلەکانی لێهەڵدەگرێ و دەیباتەوە ماڵەوە، بەکارهێنەرکەی ئەگەر هەستی بەوە کرد کە ماندوویە بەخۆی و بە کەلوپەلەکانەوە سواری دەبێت وەك ئۆتۆمبیلێکی بێ شۆفێری لێدێت و ماڵەوە پێدەزانێتەوە. هەرچەندە خێراییەکەی زۆر نییە بەڵام بۆ شار و شوێنە قەرەباڵغەکان خێراییەکی زۆر باشە، خێراییەکەی ١٠ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا.

کانگۆرۆ بە دوو جۆر بۆ شوێنی مەبەست دەڕوا، یان خاوەنەکەی لێیدەخوڕێت و رێنوێنی دەکات، یا لە نەخشەکە شوێنی مەبەستی پێ نیشان دەدەی و ئۆتۆماتیکی دەڕوات و ئەگەر لە رێگادا تووشی بەربەستێکیش بوو دەوەستێت.